# زەنگی ئاگر و پەیامی جەستە

## ((خوێندنەوەیەکی دەروونی و تیۆرییەک بۆ دیاردەی خۆسووتاندنی ئافرەت))

**پێشەکی:**
خۆسوتاندنی ئافرەت لە کوردستاندا زۆر دەمێکە بووەتە دیاردە. لە هەر کۆمەڵگەیەکی ئاساییدا ڕەفتارێکی نائاسایی ببێت بە دیاردە، دامودەزگای تایبەتی بۆ دادەنرێت بۆ کۆڵینەوە لێی، لە پێناوی چارەسەرکردنیدا، بەڵام ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا تا دێ زەقتر دەنوێنێ، تا دێ قوربانییەکانی ئەم ڕەفتارە نائاساییە زیاتر دەبنەوە، بەڵام کەمترین بایەخ بەم مەسەلەیە نەدراوە. ژمارەیەکی مەترسیدارە لە ڕۆژێکدا زیاتر لە ئافرەتێک پەنا بۆ ئەم میتودە ببات بۆ خۆلەناوبردن، مەترسیدارتر لەوەش ئەو بێدەنگییەیە کە لە ئاستی ئەو زەنگەدا لە ئارادایە.

خۆکوشتن خۆی ڕەفتارێکی ئاسایی نییە و، لێکۆڵینەوەی زۆر لەم بارەیەوە هەیە و کۆمەڵناسانی کلاسیک و نوێ لە ئاستی دیاردەی خۆکوشتن هەڵوێستیان هەبووە و چونەتە نێو قوڵایی هۆکارەکانیەوە. خۆسوتاندنیش هەر خۆکوشتنە، بەڵام ئەم جۆرەیان جیاوازە لە هەر جۆرێکی تری خۆکوشتن و تەنها خۆکوشتن نییە بە مەبەستی خۆکوشتن، بەڵکە زەنگێکیشە ئافرەت دەیەوێت لە ڕێگەیەوە پەیامی جەستەی بە "شت"کراوی خۆی بە گوێی کۆمەڵگەیەک و بە گوێی دنیادا بگەیەنێت.

بەڵێ ئەو میتودە لە خۆکوشتن، تەنها خۆکوشتن نییە و زەنگێکە دەروونی ژن دروستی کردووە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەکەی و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگەکەی لە نادادپەروەرییەکی زەق و بەرچاوی کە ڕۆژانە لە نێو خێزانەوە، تا بەرزترین دەزگای کۆمەڵگەکەی بەرامبەر بە توخمی ئەو پیادە دەکرێت.

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەسوتێنن ئاستێکی هۆشیاری نزمیان هەیە و، خوێندەوارییەکی کەمیان هەیە یان هەر خوێندەواریش نین، کەواتە ئەو هۆشدارییەی ئەوان لە ڕێگەی ئاگربەردان لە جەستەی خۆیانەوە وەک پەیام دەیدەنە دەرەوە، لە هۆشی دەرەکی ئەوانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکە لە هۆشی ناوەوەی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ.
مرۆڤ بە گشتی دوو دیووی هەیە، ئێمە هەموومان دیوەکەی دەرەوەی یەکتری دەبینین و لە شێوەی بەرجەستەدا یەکتری دەناسین، بەڵام دیوەکەی تر کە دیوی دەروونمانە بەشێکی ئاڵۆزە لەئێمە و ناتوانین ئەم بەشەی یەکتری بناسین، تەنها ئەوەندەیە یەکتری هەڵدەسەنگێنین و دەشێ ئەو هەڵسەنگاندنەمان بۆ یەکتری زۆر هەڵە بێت، یان نزیک بێت لە ڕاستی سروشتی ئێمەوە.

بەڵام خودی دیووی دەروونی مرۆڤیش لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشێکیان دۆزراوەیە و زانستەکان توانیویانە پێناسەی بکەن و لە ڕێگەیانەوە مرۆڤ شارەزاییەکی دەروونی لا پەیدا دەبێت و دەتوانێ لە ڕێگەی ئەو زانیاری و شارەزاییەوە هەڵسەنگاندن بکات بۆ ڕەفتاری تاکەکان، بەڵام بەشێکی دیکەی دەروونی مرۆڤ هێشتاش پێناسەنەکراوە و هەوڵە زانستیەکان بەردەوامن لە دۆزینەوەی هێماکان و کۆدەکان بۆ گەیشتن بە بەشە شاراوەکانی دیووەکانی دەروونی مرۆڤ.

خۆسوتاندنی ژنان دیاردەیەکە لە کوردستاندا مێژوویەکی هەیە و، ئەگەر تاک و تەرایەکیش قسەیان لەسەر کردبێت، یان بیریان لێکردبێتەوە و پرسیبێتیان بۆچی ژن پەنا بۆ ئاگر دەبات بۆ خۆکوشتن جیا لە هەر میتودێکی تری خۆکوشتن کە بە دەیانیان ناسراون و لە وڵات و کولتوورەکانی تر پیادە کراون و دەکرێن، وەک خۆکوشتن لە ڕێگەی خۆهەڵواسین، خۆفڕێدان لە باڵەخانەی بەرزەوە، ژەهرخواردن، خۆخستنەژێر ماشێن و ترێن و هتد. زۆر جار و زۆر بە سەرپێی وەڵامی ئەم پرسیارە بەوە دراوەتەوە گوایە لەبەر ئەوەی ژن لە نێو ماڵە و نزیکترین کەرەستە لێیەوە نەوت و شقارتەیە بۆیە خۆی دەسوتێنێت. ئەمە بە بڕوای من بیرکردنەوەی سادە و سەرپێیە و بنەمایەکی زانستیشی نییە، چونکە هەر لە نێو ماڵ و لە نزیک ئافرەتەوە، چەقۆ و گوێزان و مەقەستیش هەیە، هەر لە نزیکییەوە دەرمانگەلی وا هەیە کە دەتوانێ بە مشتێکی بمرێت، هەر لە ماڵەکاندا دەیان جۆر پەت و گوریس هەیە کە ئەو میتودانەن مرۆڤی کلتووری دیکە بۆ مەبەستی خۆکوشتن بەکاریان هێناون. بۆیە من جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە خۆکوشتنە بۆ مەبەستی خۆکوشتن نییە و، پەیامێکە لە جەستەی ئافرەتەوە بۆ کۆمەڵگەیە و، دەبێت ئەم پەیامە شیبکرێتەوە و خۆسوتاندن تەنها وەک خۆکوشتن نەبینرێت.

### زمانی جەستە و پەیامی ئاگر:

ئێمە بۆ لە یەکتر تێگەیشتن زمان بەکار دەهێنین. مرۆڤ بە زمان و بە بیرکردنەوە لە ئاژەڵ جیادەکرێتەوە. ئەگەر مرۆڤ لە زمان و بیرکردنەوە بوەستێ شتێکی ئەوتۆی نامێنێتەوە جیای بکاتەوە لە ئاژەڵ. زمان ئەو کراسەیە دەکرێتە بەر بیرکردنەوە و نومایشی هەموو ئەو دەربڕینانەی پێ دەکرێت کە لە مێشکی مرۆڤدا تاوتوێ دەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێت و بەرەنجامەکەشی لەو دەربڕینەدا دەدرێتە دەرەوە و چەمک و تێگەیشتن دروست دەکات. زمانیش تەنها یەک جۆر نییە و دەیان جۆری هەیە. تەنها ئەوە نییە کە بە دەنگ دەریدەبڕین، یان بە پێنووس دەینووسین، بەڵکە بە هێماکانیش دەتوانین هەموو بیرێک دەرببڕین. زمانی جەستەش هەیە و زمانێکی کاریگەریشە، بە زمانی جەستە دەتوانین هەموو جۆرێکی پەیام بگەیەنین.

تۆ بە جوڵەیەکی جەستە دەتوانیت لە بەرامبەرەکەتی بگەیەنیت خۆشت دەوێ یان نا، بۆ نموونە ئەوەی کە خۆشت دەوێت ڕووی تێدەکەیت و ئەوەی کە لێی بێزاری پشتی تێدەکەیت. ئەوەی کە خۆشت دەوێت لێی نزیک دەبیتەوە و، بە پێچەوانەشەوە. بە هەر ئەندامێکی جەستەش دەتوانیت پەیامێکی دیاریکراو بە بەرامبەرەکەت بگەیەنێت. بە چاو و ڕوانیین دەتوانی هەرچی لە مێشک و دڵتدایە بە بەرامبەرەکەتی بگەیەنێت. بە جوڵە و دۆخی دانانی دەستەکانت لە کاتی دانیشتندا دەتوانی ویستەکانت پیشانی ئەویدی بدەی. جەستە زمانێکی کاریگەرە و، زمانیش لە هێما پێکهاتووە. کەواتە لە ڕێگەی کردنەوەی کۆدەکانی زمانی جەستەوە دەتوانین لە هەر پەیامێک تێبگەین کە نێرەرەکەی مەبەستێتی پێمانی بگەیەنێت.

ئەگەر توانیمان لە هێماکانی زمانی جەستە تێبگەین، دەتوانین بگەین بەو پەیامەی کە ئافرەتێک دەیەوێت لە ڕێگەی سوتاندنی جەستەی خۆیەوە بە ئێمەی بڵێت. بۆ ئەوەی لە زمانی جەستەی ژنی کوردستان تێبگەین، پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە نێو فەرهەنگی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ جەستەی ژن و بزانین لەم کولتوورەدا ئەم جەستەیە پێناسەی چییە، ئەرکی چییە، بایەخی چەندە؟

مرۆڤ لە ڕۆح و جەستە پێکهاتووە، هەردوکیان پێکەوە ستاتوویەکی بەرجەستە دەدەن بە مرۆڤ. جەستە بە بێ ڕۆح دەمرێ، ڕۆحیش بە بێ کلێشەیەک کە بیگرێتە خۆی ناتوانێ پێناسەیەکی بەرجەستە بکرێت. فەیلەسوفەکان لەم بارەیەوە زۆریان گوتووە و، من لە پێناسە فەلسەفییەکەی جەستەوە ناچمە نێو بابەتەکەوە، چونکە فەلسەفەکان لە کرۆک و ڕەسەنی ڕۆح و جەستە کۆڵیویانەتەوە و تیۆرییەکانی خۆیان

لەسەر ئەو بنەما سروشتییە دارشتووە، بەڵکە مەبەستمە لە پێناسە کولتوورییەکەوە بچمە نێو بابەتەوە، چونکە کولتوورەکان بەردەوام گۆڕانیان بەسەر پێناسەکاندا هێناوە و مرۆڤیان لە ڕەسەن و سروشتی خۆیان دوور خستۆتەوە و مرۆڤیان لە خۆیان و لە یەکتری نامۆ کردووە.

لە کولتووری کوردیدا پێناسە بۆ جەستەی ژن، هەمان ئەو پێناسەیەیە کە کولتووری وڵاتانی دراوسێ و دەوروبەر کردوویانە. پێناسەکەش ئەوەیە کە جەستەی ژن "شت"ێکە و لە هەر شوێنێک دابنرێت وەزیفەیەکی سەرەکی هەیە و دەبێت جێبەجێی بکات. وەک چۆن یەخچاڵ بۆ پارێزگاریکردنی خواردەمەنی لە بۆگەنکردن بەکاردەهێنرێت و هەر کاتێک ئەم یەخچاڵە نەیتوانی ئەرکی پاراستنی خواردەمەنی بەجێبگەیەنێت، وەک شتێکی بێکەڵک توور دەدرێت، ئاواهیش جەستەی ژن بۆ پارێزگاریکردن لە شەرەفی پیاوی بنەماڵە بەکاردەبرێت. جەستەی ژن یەخچاڵی شەرەفی پیاوە، ئەم وەزیفەیە سەرەکیترینیەتی و جێبەجێنەکردنی ئەم وەزیفەیە ڕێک وەکو ئەو یەخچاڵە وای لێدەکات هەتا کار بکات بایەخێکی هەیە، بەڵام ئەگەر سەقەت بوو، ئیدی وەک شتێکی بێکەڵک تەماشا بکرێت. سەقەتبوونی یەکخچاڵێک ئەو کاتەیە کە ئیدی نەتوانێ خواردەمەنی بپارێزێ و ئەو شتانە تیایدا بۆگەن بکەن، بەڵام سەقەتبوونی یەخچاڵەکەی تر کە جەستەی مێینەیە، کاتێکە کە توانای پاراستنی بەهای شەرەفی بنەماڵەی نەمابێت و نەتوانێ ئەو وەزیفەیە بەجێبگەیەنێت. تەنها جیاوازی لە نێوان ئەم دوو یەخچاڵەدا ئەوەیە، ئەویان لە گۆشەیەک فڕێ دەدرێت، یان وەک کۆنەیەک دەفرۆشرێت، بەڵام ئەمیتریان بە شێوەیەکی زۆر زەبروزەنگاوی ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت. لێدەدرێت، سوکایەتی پێدەکرێت و دەکوژرێت. بە تەواوی ئەوە لەبیردەکرێت کە ئەمیان مرۆڤە، جگە لە جەستە گیانیشی هەیە، ئەم گیانە دەروونی هەیە و ئەم دەروونە بەردەوام و ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ ڕەفتارەکانی کەسانی دەوروبەری، ژینگەکەی، ڕوانینەکانی، زمانەکانی دەوروبەری دەکات، هەر لە هێمایەکی سوکایەتییەوە، تا وشەیەکی ڕوشێنەر و تا هاویشتنی زلەیەک و خەنجەرێک.

تێگەیاندنی مێینە لە وەزیفەی جەستەی لە ساوایەتییەوە دەست پێدەکات، لە وشەی عەیب و عەورەتەوە دەست پێدەکات و لەگەڵیدا گەورە دەبێت. ((ئاگات لە پەردەی کچێنێت بێت)) ئەم ڕستەیە هەڕەشەیەکی گەورەیە و کچێک دەکاتە کۆیلەی جەستەی خۆی. ئەو هێشتا نازانێ پەردەی کچێنی چییە و دایکیشی نازانێ بۆی ڕوونکاتەوە کە پەردەکە چییە. تەنها ئەوەندەیە ئاگادار دەکرێتەوە لەوەی ئەو پەردەیە زۆر گرنگە و پاراستنی ئەو پەردەیە پاراستنی شەرەفی بنەماڵەیە. هاوکات ئەوەش دەبیستێت کە ئەو پەردەیە زۆر ناسکە و زۆر شەفافە و هەر لە خۆیەوە و ڕەنگە بە بازدانێک لەناوبچێت، کەواتە ئەوەی لە مێشکی ئەم مێینە بچکۆلەیەدا دروست دەبێت ئەوەیە کە بۆمبایەکی کۆککراو لە نێو جەستەیدا هەیە و و دەشێ لە هەر چرکەیەکدا بتەقێتەوە. دەشێ بە بازدانێک لەسەر دیوارێکی یەک مەترییەوە ئەم بۆمبایەی جەستەی بتەقێتەوە و ئەم پەردەیە بدڕێ و ئەم جەستەیە بێ کەڵک بمێنێتەوە، کەواتە دەبێت ئاگاداری جوڵەی خۆی بێت و هەر یارییەک نەکات. دەروونی کچ هەر لەو ساوە بەو ترسە گەمارۆ دەدرێت و هەموو فیکری خۆی لە تەمەنی خۆیدا بەوەوە خەریک دەکات چۆن بتوانێت ئەو پەردە پێناسەنەکراوە بپارێزێت، تا جەستەی لە کەڵک نەکەوێت. لە ژیانی خۆیدا دەیان نموونە دەبینێت کە کچانێک بەهۆی لەدەستچوونی ئەو پەردەیە کوژراون. کچ لەگەڵ ئەو ترسەدا پەروەردە دەبێ.

### کاریگەری ترس لە سەر مێینە:

ترس دۆخێکی نائاساییە. لەو دۆخەدا کە مرۆڤ دەترسێت، ڕۆح و، دەروون و، جەستەی گۆڕانیان بەسەردا دێ. مرۆڤ لە دۆخی ترسدا ناتوانێ باش بیر بکاتەوە، ناتوانێ بە هیواوە بڕوانێ و نیگەرانی گەمارۆی دەدات. مرۆڤێکی نیگەران ناتوانێ بە شێوەیەکی ئاسایی لە پرۆسەی فێربووندا سوود وەربگرێت و گەشە بە

تواناکانی خۆی بدات. ئەم ترسەی مێینە کە پەروەردەی خێزان و داب و نەریتی کۆمەڵگە و لە هەندێ وڵات و کلتووردا تەنانەت یاسا و ڕێساش بەشدارن لە دروستبوونیدا، دەیکات بە بوونەوەرێکی لاواز و بێباوەڕ بە خۆی و بە توانای خۆی و، هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی بەهای بنەماڵەکەی و ڕازیکردنی کۆمەڵگەدا، خۆی بێ ویست و بێ داخوازی دەمێنێتەوە. هەندێ جار و لە هەندێ بنەماڵەی ناهوشیاردا، لە ترساندنیش تێدەپەڕێنێت و دەگاتە حاڵەتی تۆقاندن. ترس و تۆقین ئەو دۆخانەن کە کاریگەری نێگەتیڤیان دەگاتە لووتکەی خۆی و مرۆڤ لەبەردەم هەژموونی ئەواندا بێ دەسەڵات و بێ ئیرادە دەمێنێتەوە.

هەموو ئەمانە کاریگەرییان نەک تەنها لەسەر خۆی بەڵکە لەسەر توخمی مێینەی ئەو کلتوورە بە گشتی دەبێت. کاریگەرییەکەش بەو شێوەیەیە کە ڕۆحی مێینە لە جەستەی خۆی نامۆ دەکرێت و، ڕقێکی ئەستوور بەرامبەر بە جەستەی خۆی لە لای سەر هەڵ دەدات. هەتا گرفتەکانی نێو خێزان و کۆمەڵگە زیاتر گەمارۆی بدەن، ئەو نامۆبوونە بە جەستە لە لای ئەو زیاتر دەبێت و، ئەو هەستە بە تەواوی لە لای دەکوژێتەوە کە جەستە بە هی خۆی بزانێت. ئەو لە ناخی خۆیدا یەقینێکی پەروەردەکردووە کە جەستەی ئەو هی براکەی، باوکی، مێردەکەی و پیاوانی دیکەی بنەماڵە و هۆز و تایفەیە، بۆیە کاتێ ئەوان بەربەست بۆ خواستەکانی دروست دەکەن و ڕۆژانە بەو سوکایەتییەی کە پێی دەکەن، لە هۆشی ناوەکیدا گەرای تۆڵەکردنەوە لەوان دادەنێت و دەیەوێت زیانێک بەوان بگەیەنێت و ئەوەی موڵکی ئەوانە لەناوی ببات.

<u>ئاگر وەک ئامرازی تۆڵە:</u>

خۆکوشتن بە شێوەیەکی گشتی لە دۆخێکی دەروونیدا ڕوو دەدات کە مرۆڤ بێزارە لە خۆی و ئەم باری بێزارییەش ماوەیەکی دوورودرێژ تووشی خەمۆکی و قەیرانی دەروونی کردووە. ئەوەی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات هەستێکی وای هەیە کە ون بووە و، لەو دۆخی ونبوونەشدا ئیدی ئەو دەسەڵاتی بەسەر ژینگە و دەوروبەرەکەیدا نییە تا بەو شێوەیە بیانگۆڕێ کە ئەمیش بتوانێ خۆی تیا بدۆزێتەوە، دەسەڵاتی ئەوەشی نییە کە بتوانێ گۆڕان بەسەر خۆیدا بهێنێ و خۆی لەگەڵ ئەو ژینگە و دەوروبەرە نالەبارەدا بگونجێنێ و ڕابهێنێ. ئەو هەست دەکات تەنها دەسەڵاتی بەسەر ئەوەدا دەشکێت کە کۆتایی بەو ژیانە بهێنێت و تەنها ڕێگەیەک بۆ خۆدۆزینەوە لە مردندا دەبینێت، بۆیە بڕیار بۆ مەرگ دەدات و هەر میتودێک دەدۆزێتەوە بۆ خۆلەناوبردن و خۆسڕینەوە لە ژیانێک کە لای ئەو هیچ مانایەکی نەماوە.

کاتێ مرۆڤ بە میتودەکانی تر خۆی دەکوژێت، بۆ نموونە خۆی هەڵدەداتە دەریاوە، یان خۆی هەڵدەواسێت، یان یەک گوڵە دەنا بە تەوێڵی خۆیەوە، وەیاخود ژەهر دەخواتەوە، لە هەموو ئەم دۆخانەی خۆکوشتن دا مرۆڤەکە دەمرێت، بەڵام جەستەی بە ساغی دەمێنێتەوە. لەو دۆخانەدا جەستە ئازار و ئەشکەنجەی بەرناکەوێت و ناشێوێت. لەم دۆخەدا بکەر مەبەستی نییە ئازاری جەستەی بدات، تەنها دەیەوێت ژیانی خۆی کۆتایی پێ بهێنێ و ببڕێتەوە. بەڵام لە کاتی خۆسوتاندن، بە تایبەتی لەم جۆرەی کە لە کوردستاندا بووەتە باو و پیادە دەکرێت، میتودێکە تەنها ئامانجێکی تاکەکەسی ناگەیەنێت و ئەو مێینەیەی لە کوردستادا، یان لە هەر کولتوورێکی شەرەفئامێزدا خۆی دەسوتێنێ ئامانجێک و پەیامێکی دیاریکراویش دەگەیەنێت ئەگەر لە هۆشیارییشیەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، لە هۆشیاری باڵاوە، یان لە هۆشی ناوەکییەوە سەرچاوەی گرتووە.

**ئەو ئافرەتە دەیەوێت تۆڵە لە بنەماڵە و لە کۆمەڵگەکەی بکاتەوە، چونکە ئەوان گەمارۆیان داوە و لە چێژی ژیان و گەشەسەندن و فێربوون بێبەرییان کردووە. هەموو ئەو گەمارۆیەش بەهۆی جەستەیەتی و، جەستەشی خۆی خاوەنی نییە و هی بنەماڵە و کۆمەڵگەیە. کەواتە کە دەگاتە لوتکەی نامۆبوون بە جەستەی خۆی و، دەگاتە ئەو پەڕی خەمۆکی، ڕقی لەو جەستەیە دەبێتەوە و دەیەوێ بە سووتاندنی ئەو جەستەیە، کە سڕینەوەی جەستەیەتی بە میتودێکی ئەشکەنجەئامێز، تۆڵە لەوان بکاتەوە و، بە مردنیش خۆی ئاسوودە بکات.**

**بەڵام ئەم کردەیە هاوکات بۆ دەربڕینی ناڕەزاییەکی توندیشە لە کۆمەڵگە و ئەو ڕووانگەیەی ئەوان جەستەی ئافرەتی پێ دەبینن، بۆیە بە شێوەیەک ئەشکەنجە و سڕینەوەکە ئەنجام دەدات کە هەم دەنگ و هەمیش ڕەنگ بداتەوە. دەنگەکە لە ڕێگەی ئەو هاوارەوەیە کە لە کاتی سووتانی جەستەکەدا دەیکات، ڕەنگەکەش ئەو تیشک و بڵێسەیەیە کە لە ئاگرەکەوە بڵند دەبێتەوە. هاوار پەیامەکەیە و لەگەڵ بڵێسەکەدا زەنگێک پێکدەهێنن بۆ ئەوەی دەوروبەر لە نادادپەروەرییەک ئاگاداربکەنەوە کە بەرامبەر بە توخمی ئەوان پیادە دەکرێت.**

**دەرەنجام:**
**ئێمە دەتوانین بە خوێندنەوەیەکی دەروونی لە دیاردەی خۆسوتاندن بە چەند خاڵێکی گرنگ بگەین، کە ئەمانەن:**

**یەکەم: ئەو نادادپەروەرییەی کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێت و، ئەو تێڕوانینە باوە نێرسالارییە لەسەر جەستەی ژن و بەکاڵابوونی ئەو جەستەیە، کاریگەرییەکی دەروونی نێگەتیڤی لەسەر ئافرەتان بە گشتی هەیە. ئەو کاریگەرییە دەیان قەیرانی دەروونی بۆ دروست کردووە و خەمۆکی یەکێک لە هەرە کاریگەرییە باو و دیارەکانیەتی، کە لە حاڵەتی گەیشتن بە لووتکەی خەمۆکی، دەیگەیەنێتە دۆخی بڕیاردان بۆ خۆکوشتن.**

**دووەم: ئافرەت بە هەڵبژاردنی میتودی سوتاندنی جەستەی خۆی، لە کاتی بڕیاردان بۆ خۆکوشتن، دەیەوێ تۆڵە لە بنەماڵە و کۆمەڵگە بکاتەوە، چونکە ئەو کە بەهۆی گەمارۆکانی کۆمەڵگەوە گەیشتوەتە دۆخی لەخۆنامۆبوون، جەستەی وەک شتێکی بنەماڵەکەی دەبینێت و دەیسوتێنێ و ئەشکەنجەی دەدات. لەو دۆخە دەروونییەدا ئەو پێی وایە شتێکی ئەوانی لەناوبردووە و بەوەش تۆڵەی خۆی کردۆتەوە.**
**سێیەم: ئێمە لەم تیۆرییەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خۆسوتاندن تەنها خۆکوشتنێکی ئاسایی نییە، بەڵکە زەنگێکی وشیارکردنەوە و پەیامێک بە کۆمەڵگە دەدات و کۆمەڵگە دەبێت لە پەیامی ئاگر تێبگات و بەو زەنگە وشیار بێتەوە.**

**پێشنیارەکان بۆ چارەسەریی:**
**دوای ئەوەی پەیامی ئەو ئاگرەمان وەرگرت و لەو زەنگە تێگەیشتین، دەبێت دەست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ببەین. بۆ ئەم مەبەستە چەند پێشنیارە دەخەمە ڕوو:**

**یەکەم: ئێمە پێویستمان بە گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگەیە بەرامبەر بە مێینە. بۆ ئەم مەبەستەش گۆڕینی سیستەمی پەروەردەیەک کە لە ڕووی توخمی مرۆڤەوە جیاکاری دەکات ، بە سیستەمێکی پەروەردەی یەکسان. بۆ ئەم مەبەستە ئەو پەروەردەکار و مامۆستا و سەرپەرشتیارانەی کە بۆ گۆڕینی سیستەمی**

پەروەردەی کوردستان ڕادەسپێردرێن، ڕەچاوی یەکسانی توخمەکان بکەن و لەسەر ئەو بنەمایە، کە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ڕیفۆرمە، کار بکەن. کەواتە وەزارەتی پەروەردە ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەر.

دووەم: ئێمە پێوستمان بە مۆدێرنیزەکردنی سیستەمی خێزان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش تیمی وشیارکردنەوەی خێزانمان پێویستە. ئەرکێکی وا بە پلانێکی هاوبەشی نێوان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت. تیمەکان دەتوانن لە ڕێگەی کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ خێزانی تازەدامەزراو، خولی دایک و باوکایەتی، خولی پەروەردەی یەکسان دا پەیامی خۆیان بگەیەننە خێزان و تێڕوانینێکی نوێیان لا گەڵاڵە بکەن.

سێیەم: هەڵمەتی دژەخۆسوتان بکرێت. ئەم هەڵمەتە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە، بە فیلم و چاپەمەنی و بەرنامەی ڕادیۆ و تیڤی. هەڵمەتێکی وا پێویستە لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی وەزارەتی پەروەردەدا بێت.

چوارەم: بە یاسا چوارچێوەی ماف و ئەرکەکان بە گشتی و هی ژن بە تایبەتی دەستنیشان بکرێت. ئەو دەسەڵاتە لە نێرینە وەربگیرێتەوە کە خاوەنی جەستەی ژن بێت. دەوڵەت ببێت بە خاوەنی هەمووان بە ژن و پیاوەوە. پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت بە تایبەت ئەو ئەرکەیان دەکەوێتە ئەستۆ. لە هەمووی گرنگتر یەکسانی نێوان توخمی نێر و مێ لە دەستووری کوردستاندا بە دەربڕینێکی ڕوون هاتبێت.

شەشەم: وەزارەتی مافی مرۆڤ، چاوی سێیەم کە لە ڕووناکبیران و پێشکەوتنخوازانی کۆمەڵگە پێکهاتوون، هەروەها دەسەڵاتی چوارەمیش پێویستە چاودێر بن و لەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێن هەڵوێست وەربگرن و پەیامێکی ڕوونیان هەبێت بۆ کۆمەڵگە و بۆ دەسەڵاتەکانی تر.

پێنجەم: یاسا سەروەر بێت، ئەمەش بە مانای ئەوەی سیستەمی خێڵ هەڵبوەشێتەوە و هەمووان لەژێر ئالای داد و دادپەروەری بن. سیستەمی داد گۆڕانکاری بنەڕەتی پێویستە کە لەسەر بنەمای مافە گەردوونییەکان و ڕێنوما مرۆڤایەتییەکان بنیات بنرێت.

**مەهاباد قەرەداغی**

2006/09/21

تێبینی: ئەم تیۆرییە لەکۆنفرانسی (با لە پەیامی ئاگر تێبگەین) لەهەولێر/ ناوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆ، پێشکەش کراوە.